# چەمکی دراماتورگی

د. فازڵ جاف

تێرمی دراماتورگی، چ وەک دەستەواژە، چ وەک چەمک و پێناسە، بوارێکی گەلێک فرەلایەن و بەرینە و چەند لقێکی لێ دەبێتەوە، چونکە زۆربەی بوارەکانی شانۆ و ئەرکی سەرشانی داهێنەرەکانی ناو پرۆسەی داهێنانی نمایش دەگرێتە خۆی، واتە ئەم پیشەیە پەلوپۆی بۆ ناو سەرجەم مەیدانەکانی شانۆ هاوێشتووە. هەموو کایەکانی ناو شانۆ ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە پرۆسەی دراماتورگییەوە هەیە. ئەم فرەلایەنیی و گشتگیرییەی دراماتورگی بۆ سی ساڵێک زیاتر دەچێت گەلێک لێکدانەوەی جیاواز و شیکردنەوەی جۆراوجۆری لێ کەوتووەتەوە، ئەمەش بە هۆی گەشە و پەرەسەندنی شانۆی مۆدێردن و پۆست مۆدێرن، هەروەها بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە پیشەوەییە ئاڵۆزانەی کە شانۆی هاوچەرخی گرتووەتەوە.

شانۆی ئێستامان لە چاو شانۆی کۆن کە شانۆیەکی سادە بوو، لە چاو شانۆی سۆفۆکلیس و شەکسپیر و مۆلێیر، چ لە ڕووی هونەرییەوە، یان لە ڕووی پیشەییەوە، شانۆیەکی گەلێک ئاڵۆزترە و ئەرکەکانی زۆر لە جاران زۆرترە، لەبەر ئەوەیە گەشەی شانۆ و گۆڕانکارییە خێراکانی لە ڕووی هونەر و ئەدەبی شانۆیی و تەکنۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیا و بازاڕیشەوە ، وا دەخوازێ کە دراماتورگ ئەم ڕۆڵە گرنگە ببینێت کە ئێستا لە شانۆی هاوچەرخدا دەیبینێت، واتە هیچ بوارێکی شانۆ لەمڕۆدا ناتوانێت لە ئەرک و تایبەتمەندێتیی دراماتورگی و دراماتورگ خۆی دوورەپەرێز ڕابگرێت، تەنانەت دراماتورگ بۆی هەیە شان بەشانی ڕیژیسۆر، وەک شارەزا و ڕێنماییکەر و چاوساغ ڕۆڵێکی کارا و کاریگەر لە پرۆسەی نمایشدا ببینێت، ئەمەش وەنەبێت ئەمڕۆ دراماتورگ لەگەڵ سەرهەڵدانی شانۆی مۆدێرن و هاوچەرخدا هاتبێتە ناو بواری شانۆ و کایەکانی شانۆوە.

لێکۆلەرانی مێژوو و ئەدەبی شانۆیی کتێبی «پۆیتیکا - هونەری شیعر»ی ئەرستۆ کە باس لە تیۆری تراژیدیا و کۆمیدیا دەکات، بە یەکەمین بەردی بناغەی دراماتورگی دادەنێن، بەڵام دراماتورگی وەک پیشەیەکی سەربەخۆ لە ئارادا نەبووە، لە هیچ سەردەمێکیشدا پیشەی دراماتورگی بە ئەندازەی ئێستا گرنگ نەبووە.

ڕاستییەکەی ئەرکی شیکاری و لێکدانەوەی دەق، وەک دابونەریت دەگەڕێتەوە بۆ دوو دراماتورگی بە ناوبانگ یەکەمیان دراماتورگی فەڕەنسی بەناوبانگ، دینیس دیدرۆ (١٧١٣ -١٧٨٤)یە، کە ساڵی ١٧٥٨ لە «شیعری درامی»دا وەک تیۆری باس لە دراماتورگی دەکات، دوای ئەو دراماتورگی ئەڵمانی «گۆتهۆلد ئیفرایم لێسینگ (١٧٢٩ - ١٧٨١)» کە لە «دراماتورگیای هامبۆرگ» لە ساڵی ١٧٦٧باس لە تیۆری و بنەماکانی دراماتورگی دەکات.

لە نێوان ساڵی ١٧٦٧ تا ١٧٧٠ نووسەر و تیۆرزانی بواری شانۆ «لێسینگ» زنجیرە گوتارێکی بە ناوی «دراماتورگیی هامبۆرگ» بڵاوکردەوە، لەو وتارانەدا بە شیکردنەوەیەکی دراماتورگیانەی قووڵەوە باس لە شانۆی ئەڵمانی دەکات، هەر لە سۆنگەی ئەم وتارانەشییەوە ناوی باوکی شانۆی ئەڵمانی لە لێسینگ نرا.

شانۆناسان و تیۆرناسانی بواری شانۆ کتێبی «هونەری شیعر»ی ئەرستۆتالیس ٣٣٥ پ. ز، لە بواری دراماتورگیدا، یان پێشەکییەک بۆ دراماتۆرگی، بە سەرچاوەیەکی تیۆری گرنگ دەزانن. ئەم بۆچوونە لە شیکارییەکانی ئەرستۆوە سەرچاوە دەگرێت، کە بۆ تراژیدیاکانی شانۆی گریکی کردوویەتی، لە سەرووی هەمووشیانەوە شیکردنەوەی ئەو بۆ شانۆنامەی «ئۆدیپۆس» کە سەبارەت بە چیرۆک و ڕووداوەکان، هونەری گێڕانەوە و حیکایەتخوانی، گرێچن و گرێی سەرەکی و گرێی لاوەکی، کەرەکتەر و ئاخاوتن، شیکارییەکی ئەوتۆی کردووە، کە بە یەکەم شیکاریی دەق لە مێژووی شانۆدا دادەنرێت.

ئەرستۆتالیس شانۆنامەی ئۆدیپۆسی سۆفۆکلیس، لە ڕووی بنیادی دراماکە و توندوتۆڵی و مەحکەمییەوە، بە باشترین و مەحکەمترین بینای درامی هونەری تراژیدیا دادەنێت، بەڵام لە هەموو شیکارییەکانی ئەرستۆ گرنگتر ئەوەیە، کە ئەو نەک تەنیا باسی کردار دەکات، بگرە لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە باس لە شیکردنەوەی کاریگەرێتی کرداری ناو شانۆنامەی تراژیدی دەکات، کە لە میانەی پرۆسەی «کەتارسیز/ پاکژبوونەوەی ناخ» باسی لێوە دەکات.

ئەرستۆتالیس، بە تاووتوکردنی قووڵی کتارسیز یەکەم کلیلی دراماتورگیی ڕەگەزەکانی دەقی شانۆیی بۆ شانۆکاران هێنایە پێشەوە، واتە کاریگەرێتیی تێکست «دەق» لەسەر بینەر و لە پرۆسەی نمایشدا دەستنیشان کرد، کە دەکاتە بەگەڕخستنی سەرجەم ڕەگەزە درامییەکان و کاریگەرێتییان لەسەر زەین و هەست و هۆشی بینەر، ئەمەش لە بواری دراماتورگیدا بە یەکەم بەرچاوڕوونی تیۆریانە دادەنرێت، نەک تەنیا وەک دەقێکی نووسراو، بگرە وەک دەقێکی زیندوو و دینامیک لە نمایشدا.

گەر بۆ پێناسەی دراماتورگی بگەڕێینەوە، لەگەڵ هەندێک جیاوازی لێرە و لەوێ، کە هەندێک لەو جیاوازییانە پێبەندە بە جیاوازیی چەمکی دراماتورگی و جیاوازی وەزیفە و ئەرکی دراماتۆرگ لە بزاڤی شانۆیی ئەم وڵات و ئەو وڵاتدا، پێموایە باشترین و فرەلایەنترین پێناسەی دراماتۆرگی، پێناسە بەناوبانگەکەی (پاتریس پاڤیس)ی تیۆرزانی فەڕەنساییە، کە دانەری ناسراوترین فەرهەنگی شانۆییە لە ئەمڕۆماندا.

پێناسەی پاتریس پاڤیس بۆ تێرمی دراماتورگی بەم شێوەیەیە: توێژینەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەموو ڕەگەزە هێما «دەلالەت» بەخشەکانی ناو نمایشە، لە شێوازێکی ئۆرگانیکی (زیندووی) ئەوتۆدا کە بەرهەمی دەرهێنانی شانۆیی لێ دێتە ئەنجام.

بێگومان ئەم پێناسەیەی پاڤیس، تا بڵێیت لەگەڵ سروشت و ئەرکی شانۆی مۆدێرن و

هاوچەرخـدا گونجـاو و لەبـارە، بـەڵام ناکرێـت بەسـەر هەمـوو قۆناغەکانـی شـانۆدا بیسـەپێنین، واتـە پێناسـەکەی پاڤیس بۆ چەمکی دراماتورگی بـۆ ئەمـڕۆی شـانۆی ئەوروپایـی پـڕ بـە پێسـت و گونجـاوە.

کاکڵـە و پوختـەی ناوەرۆکـی پێناسـەکەی «پاڤیـس» ئـەوە دەگەیێنێـت کـە دراماتورگـی هونەری پێکهاتی گشتیی درامییە و پێشکەشکردنی ڕەگەزەکانی درامایە لە سەر شانۆ و لە نمایشدا.

ئـەم پێناسـەیەش لـە ڕووی ئـەرک و پێکهاتـەوە، لەگـەڵ پێناسـە سـەرەتاییەکەی (لێسـینگ)دا یـەک دەگرێتـەوە، یـان هـەر نەبێـت دەتوانیـن بڵێیـن کـە ئـەم پێناسـەیەش بۆ هەمـان سـەرچاوە دەگەڕێتـەوە.

دیـارە لـەم سـەردەمەدا پیشـەی دارماتـورگ، وەک پێشـتر گوتمـان بـۆ خـۆی پیشـەیەکی سـەربەخۆیە، وەک پسـپۆڕێتییەکی تایبەتـی شانۆ لـە پەیمانگـە و زانسـتگەکاندا دەخوێنرێـت، ئـەو کەسـەی کـە کاری دراماتورگیـش دەکات پێـی دەگوترێـت دراماتـورگ، لـە تیپەکانـی ئەورووپـادا کەسـانی دراماتـورگ ڕۆڵ و پێگـەی تایبەتـی خۆیـان هەیـە. لـە شـانۆ گـەورەکان و تیپەکانـی سـەر بـە شـانۆی فەرمـی، یـان دەوڵەتـی، زۆر جـار نـەک یـەک دراماتـورگ، بگـرە چەنـد دراماتورگێـک هـەن، زۆر جاریـش وەک تاقمێـک، یـان دەسـتەیەک کار دەکـەن، لـە ڕووی کارگێڕیشـەوە بـەش و هۆبـەی تایبەتییـان هەیـە.

هەندێـک جاریـش وا هەڵدەکەوێـت کـە دەرهێنـەر خـۆی دراماتورگـە، یـان تواناییەکـی دراماتورگیانەی باشـی هەیـە، هـەر خۆیشـی کاری دراماتورگـی بـۆ نمایشـەکەی خـۆی دەکات، ئـەم دۆخـە زیاتـر ئـەو تـەرزە ڕێژیسـۆرانە دەگرێتـەوە کـە شـارەزاییەکی باشـیان لـە هونـەر و تەکنیکـی شانۆنامەنووسـین و زمانـی شـانۆییدا هەیـە.

بەشـێوەیەکی گشـتی دراماتورگـی هونەرێکـی جیـاوازە لـە هونـەری دەرهێنانـی شـانۆیی، جیـاوازە لـە هونـەری نووسـینی شـانۆنامە، بـەڵام پێوەندییەکـی پتـەوی بـە هـەردوو هونەرەکـەوە هەیـە، بۆیـە پێویسـتە دراماتـورگ بـاش لـە بنەماکانـی هـەردوو هونەرەکـە و تەکنیـک و کەرەسـتەکانیان شـارەزا بێـت.

ئەرکی دراماتورگ کارکردنە لەسـەر ساغکردنەوە و تاووتوکردنـی دەق، واتـە دراماتـورگ کار لەسـەر دەق دەکات، بـە ئەندازەیـەک کـە ئـەو بینایەکـی ڕوون و تۆکمـە و زمانێکـی سـفت و ڕەوان بـەو دەقـە دەبەخشـێت، بـە شـێوەیەک ئیتـر هیـچ کەلێنوکەلەبـەر و لاسـەنگییەکی تێـدا بـەدی نەکرێـت، کـە پاشـتر لـە نمایشـی شانۆنامەکەدا ڕەنـگ بداتـەوە و ببێـت بـە مایـەی خـەوش و لاسـەنگی لـە نمایشـەکەدا، بێگومـان ئـەم ئەرکـە بـە پلـەی یەکـەم زمانـی شانۆنامەکە دەگرێتـەوە. لـە بـواری زمانـدا دەکرێـت ئەرکـی دراماتـۆرگ بـەم شـێوەیە چـڕ بکەینـەوە: داڕشـتنەوەی زمانـی شـانۆنامەکە بـە شـێوەیەک کـە گونجـاو و سـادە و ڕەوان بێـت بـو نوانـدن و نمایـش، ئەمـەش وا دەخوازێـت کـە زمانـی شانۆنامەکە سـادە و ڕەوان بێـت بـۆ سـەر زمانـی ئەکتـەرەکان، هـاوکات زمانێـک بێـت بـۆ بینـەران ئاڵـۆز نەبێـت.

توێـژەر و نووسـەر و دەرهێنـەری بەریتانـی ڕۆبێـرت لیـچ، دەڵێـت: ئەرکـی دراماتـورگ ئەوەیـە شـانۆنامەکە بـە باشـی بـۆ نمایشـکردن ئامـادە بـکات، بۆیـە دراماتورگـی پیشـەمەند دەبێـت لـە مێـژوو و ڕێبازەکانـی شـانۆدا خاوەنـی شـارەزاییەکی دەوڵەمەنـد بێـت، نـەک تەنیـا لە ڕووە ئەدەبییەکەیـەوە، کـە مێـژووی قۆناغەکانـی شانۆ و قوتابخانـە و ڕێبـازە ئەدەبییەکانـی شـانۆ، هـەر لـە کلاسـیکەوە تاکـوو پۆسـت مۆدێرنیـزم دەگرێتـەوە، بگـرە دەبێـت شـارەزاییەکی تەواوی دەربـارەی ڕێباز

و فۆرم و ستایله جیاجیاکانی هونەری نمایشیش هەبێت، ئەمە جگە لە شارەزاییەکی گشتی سەبارەت بە کاری تەکنیکی و کردەیی شانۆیش، ئەوجا لە ڕووی سۆسیۆلۆجیاوەش، دراماتورگ دەبێت شارەزاییەکی سۆسیۆلۆجیانەی دەربارەی بینەرانی شانۆ هەبێت، ئەمەش بە پلەی یەکەم زمانی سەردەمەکەی خۆی دەگرێتەوە، هەروەها ئەندازەی بەشداریکردنی بینەر لە نمایش و کاردانەوەی نمایش لە سەر مێشک و هەست و دەروونی بینەریش دەگرێتەوە.

هەر لە سۆنگەی ئەم بۆچوونە سۆسیۆلۆجییەوە، توێژەری بواری دراماتورگی «دانیال بێسنەر» دراماتورگی لە چوار مەیداندا پۆلێن دەکات:

**(١) دراماتورگی دوکیۆمێنتی:** ئەم جۆرە دراماتورگە کار لەسەر هەموو ئەو دوکیۆمێنت و بەڵگانە دەکات کە پێوەندیان بە شانۆییەکەوە هەیە، هاوکات ڕایان لە سەر دەردەبڕێت و ڕۆڵ و بایەخیان ساغ دەکاتەوە.

**(٢) دراماتورگی ئامادەکەر، یان گونجێنەر:** دراماتورگ لێرەدا هەموو کەرەستەکان لەگەڵ یەکتردا دەگونجێنێت و لە چوارچێوەیەکی درامی لەباردا دایان دەڕێژێتەوە.

**(٣) دراماتورگی بینەر:** ئەم دراماتورگە قۆناغ بە قۆناغی پرۆڤە و مەشق و ڕاهێنانەکان، کار لەسەر کاردانەوەی بینەران دەکات، بۆ نموونە دەکرێت لە چەند قۆناغێکدا گرووپێک لە بینەران بۆ ناو ڕاهێنانەکان بانگێشت بکات، تاکوو بزانێت بەر لە نمایشکردنی شانۆنامەکە کاردانەوەیان چۆن دەبێت!

**(٤) دراماتورگی نووسەر:** ئەم دراماتورگە هەر خۆی نووسەری شانۆنامەکەیە، کەسێکە کە نایەوێت شانۆنامەکەی بە شێوەیەکی دابڕاو لە پرۆسەی شانۆاندن (التمسرح- theatricality و پرۆڤەکردن، دەقی شانۆنامەکەی بنووسرێت، شانبەشانی پرۆسەی مەشق و پرۆڤەکردن، تێکستی شانۆنامەکە بۆ نمایش دەگونجێنێت.

بێگومان لەگەڵ گەشەی شانۆی هاوچەرخ و شانۆی پاش مۆدێرنیزمدا: چەندان جۆری دراماتورگی هاتنە ئاراوە، لەوانە: دراماتورگی سینۆگرافیا، واتە دراماتورگێک کە کار لەسەر سینۆگرافیا و هێماکانی دەکات، هەروەها دراماتورگی ڕووناکی، کە کار لە سەر پێگە و ڕۆڵی تیشک دەکات، بە هەمان شێوەیش دراماتورگی موزیک، کە ئەمیان لەم ساڵانەی دواییدا، بەتایبەتی لە بەرهەمی پۆست مۆدێرنیستەکانی وەک ڕۆبێرت ولسۆن دەبینرێت. ڕوبێرت ولسۆن زۆربەی کارەکانی لەگەڵ موزیکزانی درامی فیلیپ گلاس دەکات، کە داهێنەرێکی گەورەی ئەم بوارەیە.

هەر چۆنێک بێت و ئەرکەکانی دراماتورگ چەند جیاواز بن، بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە، هەروەکوو پاڤیس دەڵێت: شیکردنەوەی دراماتورگییانەیە، بە مەبەستی ئەوەی دەقی شانۆنامەکە بۆ نواندن و نمایشکردن ڕەوان بێت.

**سەرچاوەکان:**
- معجم المسرح، بياتريس بافي، ترجمة ميشال ف. خطار، المنظمة العربية للترجمة، ٢٠١٥ بيروت.
- الدراماتورجيا ومابعد الدراماتورجيا، بياتريس بافيس، ترجمة وتقديم سعيد كريمي وخالد أمين، منشورات المركز الدولي لدراسات الفرجة، سلسلة رقم ٣٦، الطبعة الأولى، ٢٠١٥ طنجه.
- كتاب أرسطو في الشعر، ترجمة دكتور إبراهيم حماده. Pdf
- Theatre Studies, the basics, Robert Leach, Second edition, Routledge, 2013.